**بەش:  یاسا**

**کۆلێژ : یاسا**

**زانكۆ : سەلاحەددین - هەولێر**

بابەت : **قانون الاثبات**

**پەرتوكی كۆرس:  سیستەمی سالانە  (ساڵی 5)**

**ناوی مامۆستا: د. علي طه اكرم**

**ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣-٢٠٢٤)**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ( یاسای سەلماندن) قانون الإثبات |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. علي طه أكرم |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی یاسا / کۆلێژی یاسا |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ali.akram@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | (4) کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | (16 ) شازدە کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | DOL01LCP502 |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | بەکالۆریۆس لە بەشی یاسا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی 2007. ماستەر لە یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی گرنەی ئەمریکی لە ساڵی 2013، دکتۆرا لە یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نێرئیست. سەرۆك بەشی یاسا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین، مامۆستا و وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیێك لە ساڵآنی رابردوو. بەشداری کرووە لە چەندین خوولی ڕاهێنان و کۆمپیوتەر و زمان، خاوەنی چەندان توێژینەوەیە لە گۆڤاری ناوخۆیی و جیهانی و ئیمپاکت فاکتەر ، وەهەروەها بەشداریکردن لە چەندین ۆورك شۆپ و دیدار و پانێڵ و سیمینارو کۆنفراس و دیبەیت و پێشبرکێی زانستی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق و جیهان. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | قانون الاثبات، دليل الكتابي، الاقرار ، الاستجواب، الشهادة، القرائن القانونية والحجية الاحكام، اليمين ، المعاينة ، الخبرة، الاثبات في المعاملات الالكترونية. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

قوتابیانی قۆناغی پێنجەم یاسای سەڵماندن دەخوێنن سەرەرای خوێندنی یاسای دادبینی شارستانی:

بابەتی یاسای سەلماندن (قانون الإثبات): یاسای سەڵماندن ئەو یاساییە کە لایەنەکانی داوا پەنای بۆ دەبەن بۆ سەڵماندنی ئەو ڕوودوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ بابەتی شارستانی و بازرگانی و باری کەسی، بۆیە زۆر گرنگە

بۆ قوتابی یاسا شارەزاییەکی باشی ئەو یاسایەی هەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یاساناسێك و پارێزەرێکی بە توانای لێوە دەربچێت. لەو بابەتە قوتابیان هەموو ئەو ڕێگایانە دەخوێنن کە لە کاتی دادگاییکردن پەنای بۆ دەبردرێت بۆ سەلماندنی ئەو مافەی کە خاوەن ماف داوای بۆ بەرزکردۆتەوە لە بەردەم دادگا بۆ وەرگرتنەوەی وەك بەلگەی نووسراو و دانپێدانان و پرساندن و گەواهیدان و گریمانەی یاسای و بەبەلگەبوونی بریارەکانی دادگا و سوێندخواردن و بینین و لێزانی. قوتابی لەم وانەیەدا پێویستە ئامادەی وانەکان بێت و چالاکانە بەشدار بێت لە خستنەرووی بیرو بۆچوونەکانی و زانیاریەکانی، هەوڵبدات لەگەڵ مامۆستا بێت و کارلێك بکات لەگەڵ وانەکەی و لە گرنگی وانەکەی (یاسای سەڵماندن) تێبگات.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**1.** ئاشناکردنی قوتابی بە یاسای سەڵماندن و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەر بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی سەڵماندن ، لەم وانەیەدا قوتابی ئاشنادەکرێت بەوەی لە چ کاتێکدا بۆی هەیە هەر یەك لەو بەڵگانەی سەڵماندن بە کاربهێنرێت و لە چ کاتێك بۆی نیە پەنا بباتە بەر هەندێك لە جۆرەکانی بەڵگەی سەڵماندن بۆ سەڵماندنی داوایەکەی ، و هێزی سەڵماندن و بە هێزی هەر یەك لە بەڵگەکانی سەڵماندن لەم وانەیەدا بە قوتابیانی خۆشەویستمان ئاشنا دەکرێن، کە لە داهاتوودا قوتابی سود دەبینێت لە وانەکانی کە لە ئێستادا وەری دەگرێت بۆ پیشەی پارێزەرایەتی یان مافپەروەری و لە ژیانی ڕۆژانەی ڕەنگ دەداتەوە.

2. قوتابی فێردەکرێت کە لە چ کاتێك دەتوانین تانە بگرێت لەسەر بەکارهێنانی بەڵگەکانی سەڵماندن لە دادگا، و لە چ کاتێك پێویستە رێکارەکانی سەڵماندن لە کۆنووس یان بریاری حوکم بنوسرێت ، سەرەرای ئەوەی قوتابی فێردەکرێت رێکارەکانی سەڵماندن چۆن بەرێوە دەچێت لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

3. لەگەڵ هەموو ئەو بابەتە یاساییانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد لە وانەکەماندا بەردەوام قوتابی ئاراستەدەکرێت کە دوور نەکەوێتەوە لە ئاکاری یاساناسی و ڕەفتاری بەرز لەگەڵ هەموو ئەو جیهەت و لایانانەی کە لە داهاتوودا مامەلەیان لەگەڵ دەکاتن.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە بریتی یە لە ئامادەبوون لە هۆڵەکانی خوێندندا و گوێگرتن لە وانەکان چونکە ئەم بابەتە بەبێ روونکردنەوەی مامۆستای وانە لە هولی وانەووتنەوە و خۆ ئامادەکردنی قوتابی لە ماڵەوە و خوێندنی پێشوەختە تێگەیشتنی قورسە، هەروەها پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانەکە ئەم بابەتە بخوێنێنەوە تاکو بتوانێت ئەم بابەتە لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆل بکات، هەروەها پێوستە قوتابی بەشداری لە وانە پراکتیکیەکان بکات لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە وانە تێورییەکان وەریگرتووە. قوتابی پێویستە لە تاقیکردنەوەکان دەربچێت و بەردەوام لە ئامادەباشی دابێت لە هەر کاتێك دابێت دەکرێت کویز

ئەنجامبدەین.

**13. ڕێگەی وانەووتنەوە**

لە ڕێگەی وانەگووتنەوە و گفتوگۆ و ڕێگەی (العصف الذهني) ، شێوازی ۆرك شۆپ، بەگرووپ كردنی قوتابیان مامۆستا بابەتەكە پێشكەش دەكات. سوود لە بەكارهێنانی داتاشۆ دەبینرێت بۆ پیشاندانی كورتەی وانەكان ودەقەكان وەردەگیرێت. واتا وانەكان لە ڕێگای پێشكەشكردنی داتاشۆ و پاوەرپوینت دەبێت كە مامۆستا وەك پوختەیێكی تێرو تەسەل ئامادەی كردووە بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی، هەروەها لەكاتی پێشكەشكردنی داتاشۆ مامۆستا هەڵدەستێت بە بەكارهێنانی تەختەی سپی بۆ پێدانانی ڕوونكردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانەی كە پێویستە ڕوونبكرێتەوە، قوتابیان دەتوانن سوود وەربگرن لەو داتاشۆیانە بۆ تێگەیشتنی تەواوی بابەتەكە، جگە لە ئەمانە قوتابی لە وانە پراكتیكیەكان ئاشنای بڕیارەكانی دادگا دەكرێ.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە درێژایی ئەم ساڵەی خوێندنی یەك تاقیكردنەوەی سەرەكی ئەنجام دەدرێت لە 30٪ نمرەی لەسەرە، هەروەها 10 ٪ نمرەكان لەسەر رۆژانەو پرسیارو وەڵامی ناو هۆڵی خوێندن و ئامادەكردنی راپۆرت لەسەر یەكێك لە بابەتەكانی یاسای سەڵماندن دەبێت . لە كوتایی ساڵی خوێندن تاقیكرنەوی كۆتایی بابەتەكە ئەنجام دەدرێت كە 60٪ نمرەی لەسەرە .

نمرەی رۆژانە بە كورتی بەم شێوەیە دەبێت

سەبارەت بە 10 نمرەی ڕۆژانە لە نێوان مامۆستایانی بابەت بە هاوبەشی دادەنرێت

سەبارەت بە تاقیكردنەوەی نیوەی ساڵ لە 30

20 نمرە یاسای دادبینی شارستانی

10 نمرە یاسای سەڵماندن

بۆ تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵ لە 60

40 نمرە یاسای دادبینی شارستانی دەبێت

20 نمرە یاسای سەڵماندن دەبێت

**15. دەرئەنجامەكانی فێربوون**

لەماوەی خوێندنی بابەتەكانی یاسای سەڵماندن قوتابی فێردەبێت چۆن لە داهاتوودا ئەو داوا شارستانیەی كە

**بەرزی کردۆتەوە یان چۆن ئەو داوا بازرگانیەی کە بەرزی کردۆتەوە بە هەمان شێوە چۆن ئەو داوا باری کەسیەی کە بەرزی کردۆتەوە دەتوانێت بیسەلمێنێت بەپێی یاسای سەلمانن، و قوتابی فێردەکرێت لە چ کاتێك بۆی هەیە لە رێگایەکی سەلماندن بچێتە رێگایەکی تر یان پاشگەز ببێتەوە و چ کاتێك ناتوانێت لە کاتی پەنا بردن بۆ هەندێك رێگای سەلماندن داواکەی بە بەلگەی تر بسەلمێنێت وەك لە حالەتی پەنا بردن بۆ ئاراستەکردنی سوێندی یەکلاکەرەوە، هەموو ئەوانە وادەکات قوتابیانی بە شی یاسا بەتایبەتی قۆناغی پێنجەم بتوانن لە داهاتوودا بە باشی و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کارەکانیان ڕبپەرێنن و پارێزەرێك و مافپەروەرێکی باش و چالاکیان لێوە دەربچێت.**

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان

**1. د. عباس العبودي، شرح احكام قانون الاثبات العراقي، الطبعة الثانية، موصل، 1997**

**2. د. أدم وهيب النداوي، شرح قانون الاثبات، بغداد ، 1986**

**3. د. عصمت عبدالمجيد بكر، شرح قانون الاثبات، دار السنهوري ، 2018**

- سەرچاوەی سوودبەخش

**1- د. أدم وهيب النداوي، الموجز في قانون الاثبات، المكتبة القانونية، بغداد ، 1986**

**یاساکان**

**1. یاسای سەلماندنی عیراقی ژمارە 107 سالی 1979**

**2. یاسای مامەلەی ئەلیکترۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی ژمارە 78 سالّی 2012**

**3. یاسای شارستانی ژمارە 40 سالی 1951**

**4. یاسای بازرگانی ژمارە 30 سالی 1984**

**5. یاسای باری کەسی ژمارە 188 سالی 1958 هەموار کراو بە ژمارە 15 لە 2008**

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت)

1. گۆڤاری تەرازوو  گۆڤاری پارێزەر
2. www.uobasrah.edu.iq/.../low
3. بڕیارە دەرچووەکان لە دادگای بەرایی و شرعیە و کارو هەروەها دادگای تێهەلچوونەوەو تمیز لە هەرێمی کوردستان.

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| --- | --- |

| قانون الاثبات | د. علي طه اكرم |
|---|---|
| التعارف ، التوجيهات الضرورية ، شرح وحدات المنهج الدراسي | 2023/9/4 |
| تعريف الاثبات القضائي واهمية الاثبات القضائي | 2023 / 9 / 8 |
| محل الاثبات و دور القاضي في اثبات قواعد القانون (الوطني والاجنبي) | 2023 / 9 / 11 |
| شروط الواقعة محل الاثبات (شروط الطبيعية والقانونية للواقعة محل الاثبات) | 2023 /9 / 18 |
| هدف قنون الاثبات | 2023 / 9 / 25 |
| اسس قانون الاثبات | 2023 / 10 / 2 |
| منع القضي من الحكم بعلمه الشخصي | 2023 / 10 / 9 |
| الزام الخصوم بتقديم الدليل الذي بحوزته | 2023 / 10 / 16 |
| نطاق سريات قانون الاثبات | 2023 / 10 / 23 |
| اجراءات الاثبات (داخل العراق) | 2023 / 10 / 30 |
| اجراءات الاثبات (خارج العراق) | 2023 / 11 / 6 |
| ادلة الاثبات (تعريف ادلة الاثبات + ادلة الاثبات في قانون الاثبات) | 2023/11/13 |
| الادلى الكتابية (شروط صحة السندات الرسمية) | 2023/11/20 |
| حجية السند الرسمي في الاثبات | 2023/11/27 |
| حجية صور السند الرسمي في الاثبات | 2023/12/4 |
| السندات العادية ( شروط انشاء السند العادي) | 2024/1/8 |
| حجية السند العادي في الاثبات | 2024/1/15 |
| حجية الرسائل والبرقيات في الاثبات | 2024/1/22 |
| الدفاتر والاوراق غير الموقع عليها | 2024/1/29 |
| اثبات صحة السندات | 2024/2/5 |
| الفصل الثاني (الاقرار) شروط صحة الاقرار | 2024/2/12 |
| حجية الاقرار | 2024/2/19 |
| مدى جواز تجزئة الاقرار | 2024 / 2 / 26 |
| الاستجواب | 2024 / 3 / 4 |
| الشهادة | 2024 / 3 / 25 |
| حجية الشهادة في الاثبات | 2024 / 4 / 1 |
| القرائن والحجية الاحكام و القرائن القضائية وحجية الاحكام | 2024 /4 /8 |
| اليمين الحاسمة و اليمين المتممة | 2024 / 4 / 15 |
| المعاينة | |

| | |
|---|---|
| **الخبرة**<br>**بعض قرارات القضائية** | 2024 / 4 /22<br>2024 / 4/ 29<br>2024 / 5 / 6 |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | **1 کاتژمێر لە هەفتەیەك** |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. **هەلسەنگاندن و هۆکارەکەی (قيم مع التعليل).**

2. **هێنانەوەی پرسیاری چۆنیەتی ڕێکاری داوا و دادگایی لە کێشەیەك.**

3- **هێنانەوەی کێس پەیوەندیدار بە بەلگەکانی سەلماندن**

4- **باس کردن و ژماردن و بەراورد کردن و جیاوازی.**

5- **هەلبژاردن.**

6. **هەر پرسیارێکی تر لە پۆل لە قوتابی کرابێت و گفتوگۆی لەسەرکرابێت**

**20. تێبینی تر**

**پێویستە لەسەر قوتابیە بەرێزەکان زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەن و هەولدەن بە باشترین شێوە ئەم بابەتە تێبگەن و سەرچاوە دیاریکراوەکان بخوێنن و و گرنگی بە لایەنە پراکتیکیەکان بدەن و بەتایبەتیش بابەتی سەلماندنی داوا، هەروەها پێویستە سەردانی دادگاکان بکەن تاکو بتوانن لە نزیکەوە و بە پراکتیکی بابەتەکان ببینن.**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**